


# ڕاویژی گێڕانەوە لە وەرگێڕانی (ئەو دیوی کوێستان)دا

قادرعەلیخا
(بۆکان)

له دنیای گێڕانەوەدا دەم و لەبزی خۆش و ڕاوێژی شیرین، گێڕانەوەی باسەکە خۆشتر و بەتامتر دەکات. جا هەوێن و پێکهاتەی باسەکە هەر شتێک بێت، شەڕ بێت، ئاشتی بێت، ئەوین و دڵداری بێت، کار و تێکۆشان بێت، ڕاو و سەیران بێت، سەربردەی گەورە پیاوان و مەزنە ژنان و زانایان بێت، چیرۆکی ئاوارەیی و هەڵات هەڵات بێت. هەر چییەک بێت، گفتولفتی خۆش تامەکەی شیرینتر دەکات و چێژی زیاتری پێدەبەخشێت.

ئەگەر دەم و ڕاوێژەکە خۆشتر بێت، گوێگر هەموو گیانی دەبێتە گوێ، دەمی دەبێ بە تەڵەی تەقیو. بۆ ئەوەی وشەیەک، یان ڕستەیەکی لەدەست دەرنەچێت ورتەی لێوە نایەت. لەو مەجلیسانەدا دەنگی باڵی مێشوولەش دەبیستریّ و ترپەی دڵ و جووڵەی خوێنی نێو دەمارەکانیش، گوێگرەکان ئازار دەدەن و ئەوەی ئەوان دەیانەوێ بەتامەزرۆییەوە بیبیستن، هەر دەنگی ئەو وشە و ڕستانەیە کە لەزاری وێژەرەوە دێتە دەرێ و هیچی تر، لەو شوێنانەدا زۆرجاری واهەبووە ئاوری سیغار کەوتوونەتە سەر کۆش و نێفەکی پاتۆڵانی سووتاندووە. ئەگەر منداڵێک ورتەی دێ، دەیان کەس لەم لا و لەو لاوە مۆڕەی لێ دەکەن و ئەگەر بە حاڵێک و دووبەڵا جیڕەی دەرگایەک، یان حەپەی سەگێک، یان زرمەی پێیەک دێ، هەموو ئاوڕ دەدەنەوە و بەو شێوەیە نارەزایەتی خۆیان دەردەبڕن. لەو کاتانەدا زۆر چایی سارد دەبوونەوە و زۆر ئاو گەرم دادەهاتن و زۆر خەم بە با دراون و زۆر ئازار لە بیر دەچوونەوە و تاڵییەکان فەرامۆش دەکران و ڕۆژە ڕەشەکان تیشکی هیوایان تێدەگەڕا.

ئەم دەم و لەبزە خۆشانە خەڵکەکەیان بە عەرزەکەوە دادەدووری و هەست و خوستیان لێ دەبڕین و دەرگای هەموو هەستەکانیان بێجگە لە هەستی بیستن پێ دادەخستن و سەرتاپایان پێ دەکردنە گوێ. لەگەڵ تەکانی پاڵەوانەکاندا، ئەوانیش تەکانیان لە خۆیان دەدا و لەگەڵ سەرکەوتنەکانیان هەستیان بە سەرکەوتوویی دەکرد و لەکاتی شادییەکانیدا شاد دەبوون و لەوەختی تێک شکانەکانیدا هەستیان بە ئازار دەکرد و کاتێک باسەکە- جا باسی هەر شتێک بووایە- دەگەیشتە لووتکە، بیسەرەکان بە تاسەوە چاویان لە دەم و ڕاوێژی خاوەن باسەکە دەکرد و بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی کۆتایی

دەبوون. تا بێژەرەکە باسەکەی درێژتر دەکاتەوە و کۆتاییەکەی دوور دەخاتەوە، ئەوە بیسەریش تامەزرۆتر دەبێ و بە تاسەترەوە گوێ قوڵاغ، گوێ ڕادەگرێت. جێگەی ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئەم دەم و لەبزە خۆشانە بوون و ئەو باسە خۆش و بە چێژانەیان دەگێڕایەوە هەمیشە سەرەوەی مەجلیسان بووە و قەدر و ڕێزی لەسەر چاوان داندراوە.

لە نووسینی چیرۆک و ڕۆمانیشدا هەر وایە. ئەگەر خاوەن نووسینەکە ڕاوێژی قەڵەمەکەی خۆش بێ و بتوانێ لە هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەو زمانەی پێی دەنووسێ، کەڵک وەربگرێت، ئەوە زیاتر دەتوانێ خوێنەرەکەی بە شوێن خۆیدا بەکێش کات و بیری داگیر بکات و دەرگای هەموو هەستەکانی، بێجگە لە هەستی خوێندنەوە و بیر کردنەوە، لێ دابخات و هەژموونی قەڵەمەکەی بەسەردا بسەپێنێ و لە کۆتاییشدا، ئەو پەیامەی دەیەوێ بە گوێیدا بدات، بە باشترین شێوە ئاوێتەی دنیای هەست و بیر کردنەوەی بکات. ئەگەر نووسەر نەتوانێ لە زمانێکی پوخت و پاراو و ڕەسەن، لە پەنای تەکنیکەکانی گێڕانەوە بە باشی کەڵک وەربگرێ، بە هیچ کلۆجێک ناتوانێ پەیامەکەشی ئاوێتەی هزری خوێنەرەکەی بکات. بەبێ ئەم سیحری گێڕانەوەیە و ڕاوێژی قەڵەمە، ئەو نووسەرە ناتوانێت شوێندانەر بێ و کار و ماندووبوونەکەی دەبێ بە هیچ و لە کۆتاییدا دەبێتە شوانەی ڕەنجەڕۆ و ڕەنج بە خەسار دەردەچێت. ئەو نووسەرانەی بتوانن ئەو لایەنەی نووسین بقۆزنەوە و تێیدا سەرکەوتووبن، ئەوە دەبنە کەسانی دیاری دنیای ئەدەب و نووسراوەکانیان دەبنە شاکار و لە سەر تەختی زێڕینی هەرماندا جێگەیەک بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن.

بێجگە لە گێڕانەوە و نووسین، لە بواری وەرگێڕانیشدا ئەو تایبەتمەندییانە شتێکی دیار و بەرچاون. ئەگەر وەرگێڕ خاوەنی قەڵەمێکی سیحراوی نەبێ و لە کەلێن و قوژبنەکانی زمانی دووەمدا شارەزا نەبێت و ڕاوێژی قەڵەمەکەی خۆش نەبێ، نە دەتوانێ بیر و هزری نووسەر بگوێزێتەوە بۆ سەر زمانەکەی خۆی و نە دەتوانێ خوێنەرەکان بەرێتە دنیای بیرکردنەوە و گێڕانەوەی نووسەرەکە. لە ئاکامدا وەرگێڕیش هەم کاری نووسەر لە بار دەبا و هەم ماندووبوونەکەی خۆی بە فیڕۆ دەچێت، کە بەداخەوە لە وەرگێڕانەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا، نموونەی زۆرمان لەو کارانە لە بەردەستدایە. دیارە وەرگێڕان یەکێکە لە کارە سەختەکانی بواری ئەدەب و هەوڵدان لەو بوارەدا دڵی شێرانە و ورەی پۆڵایینی دەوێ و حەیفە کارێک بەو هەموو دژواری و هەستیارییەوە، دوای ئەو هەموو ماندووبوون و ڕەنج کێشانە باش لە کار دەرنەیەت و سوودێکی بۆ هەردوولا نەبێت. هەر وەرگێڕێکیش ئەگەر توانیبێتی پردی پێوەندییەکی باش بێت لە نێوان زمانی یەکەم و دووەمدا، ئەوە ڕێز لە کارەکانی دەگیرێ و وەرگێڕانەکانی بە حورمەتەوە دەخوێندرێنەوە.

«ئەو دیوی کوێستان» یەکێکە لە ڕۆمانە شیرین و باشەکانی یاشار کەمال، کە لە سێ بەرگی قەوارە گەورەدا نووسراوە. نووسەر لەم ڕۆمانەدا سەرەڕای تیشک خستنە سەر ژیان و گوزەرانی کۆمەڵێک خەڵکی هەژاری بێ بژێوی دەست کورت، کە بە دەست حکوومەت و ئاغا و کوێخاوە لە خراپترین دۆخی ژیاندا دەژین و لە باری فیکری و زانستیشەوە لە نزمترین پلەی ژیاندان و ئەوەندەی بە دەست زگیانەوە دیلن و دەناڵێنن، سەد ئەوەندە کۆیلەی مێشکیانن و لە هەموو سەرچاوەکانی زانست بێ بەشن و هەتا بینەقاقا لە زەلکاوی نەزانیدا ڕۆچوون.

یاشار کەمال خەڵکی گوندی یالابووک دەکاتە نموونەیەک بۆ ئەو گەل و نەتەوانەی کە بەجێی ئەوەی پشت بە تواناییەکانی خۆیان ببەستن، هانا دەبەنە بەر کەسانێک کە هەر بەدەستی خۆیان وەک خوالەیەک دایدەتاشن و کڕنۆشی بۆ دەبەن و دەیپەرستن، کە دیارە هەر مرۆڤ و نەتەوەیەک ئەگەر پشت بە خۆی نەبەستێت و بە هیوای دەسەڵاتە خەیاڵییەکانی بێت، هەتا هەتایە هیچی بە هیچ نابێ و هەتا دەژی، هەر هەشتی لە گرێوی نۆیدا دەبێت.

هەوێنی باسەکەی من لێرەدا وەرگێڕانەکەی ئەم ڕۆمانەیەو نامەوێت بچمە نێو بیری نووسەرەوە و تیشک بخەمە سەر شێوەی نووسین و دەنگ هەڵبڕینەکەی یاشار کەمالەوە. کاتێک خوێنەر دەست دەداتە ئەم کتێبەو ئاوێتەی خوێندنەوەکەی دەبێت، زۆر زوو تێدەگات کە کار بە کارزان سپێردراوە و وەرگێڕ کەسێکی شارەزا و کوردیزانە. وشە و ڕستەکانی بە ڕەوانی لە پەنای یەکدا چندراون و خوێنەر تووشی هەڵگلان و خلیسکان نابێت. هەر لە سەرەتاوە هەم کاکڵی باسەکە و هەم توانایی وەرگێڕ، خوێنەر بە خۆیانەوە دەلکێنن و ناهێڵن دەستی لێ هەڵگرێت. بەرە بەرە تێکەڵ بە ورتە ورتەکانی مام خەلیل و بۆڵە بۆڵەکانی مرێمۆک و ئازارەکانی گوندییەکانی دەکات.

بەیارمەتی قەڵەکەی ڕەسووڵ لەگەڵ ئەوان بار و بنە دەپێچێتەوە و بەرەو چوکووراوا بەڕێ دەکەوێت، بە دەم ڕێگاوە جار لەگەڵ جار زیاتر تێکەڵی وەرگێڕانەکەی «ڕەسووڵ سوڵتانی» دەبێ و ئەو قەڵەمە شیرینە وەک ئەسپێکی هێدی و لە سەرەخۆ هەڵی دەگرێ و بێ وەڕزی هەتا نێو مەزرای لۆکەکانی چوکووراوای دەبات.

کاتێک لەگەڵ ئەواندا و دوای ئەو هەموو ماندووبوون و کۆڵ هەڵگرتن و چوون و گەڕانەوەدا، دەگاتە نێو مەزرا لۆکەکان و پاڵ بە یەکێک لە نێرگەکانەوە دەدات و بیر لە وەرگێڕانەکەی وەرگێڕ دەکاتەوە، تێدەگات کە ئەو ماندووبوونەی لەگەڵ ئەو خوێندنەوەیە کێشاویە، بە فیڕۆ نەچووە و کارەکە و ماندووبوونەکەی «ڕەسووڵ سوڵتان»یش کارێکی باش و بە پێزە، کە بە دڵنیاییەوە بەو کارەی خەرمانی ئەدەبی کوردی دەوڵەمەندتر کردووە.

ڕاوێژی قەڵەمەکەی وەرگێڕ شیرین و بە تام و بە کێشە. کاتێک دەچیتە کڵێشەی هەر یەک لە پاڵەوانەکانی ئەو ڕۆمانەوە، بە جوانی دەرەقەتی ڕاوێژەکەیان دێت و قەوەی بە قەوەیان دەکێشێت. بە تایبەت مرێمۆک و مام خەلیل، کە لەم بەشەدا باری گێڕانەوەکە - بێجگە لە عەلییە دریژ - لە سەر شانی ئەوانە. وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕانی قسەکانی مام خەلیل و مرێمۆکدا حەشری پێدەکات. قەڵەمەکەی لە کاتی قسەکانی مرێمۆکدا دەبێتە پیرێژنێکی بە پرتە و بۆڵە و جنێوفرۆش و پڕ لە کینە و بوغز، ئەو کاتەی دەچێتە کڵێشەی مام خەلیلەوە دەبێتە پیرە پیاوێکی درۆزنی دەم شڕ و بە تیروتەسەلی وێنایان دەکات. ئەم مۆنۆلۆگانەی ئەوان ئەوەندە جوان ئاوێتەی زمانی کوردی بوون کە خوێنەر هیچ هەست بە غەوارە بوونیان ناکات.

«تۆ باش دەزانی ئەسپەکەم، باش دەزانی ئەو کابرا هیچ و پووچە هیچ خێری لێ هەڵناوەرێ. هەتا دەگەینە چوکوور مەمرە. ئەتۆ بمری من لە ڕێیە جێ دەمێنم و گورگ و کەمتیار دەمخۆن. لە بری تۆ باشترە ئەو مل بەکوێنەی وەک گەنە و قورنوو پێمانەوە نووساوە، بمرێ. مەمرە ئەسپەکەی من مەمرە. دەزانم ئەمساڵ ئەو بارە قورسەت پێ هەڵناگیرێ، بەڵام دیسانیش مەمرە ئەسپەکەم.»

«ئەوەندە قسە بکە هەتا دەدڕێی. بشدڕێی دانابەزم. نەک بە ئەسپەکە ڕێک و ڕاست بە خۆشمی بڵێی دانابەزم. مەگەر خاوەنی ئەو ئەسپە سواری نەکردووم؟ دیارە سواری کردووم. دەزانم ئەسپەکە حاڵی باش نییە، بەڵام بەخوای خوایەتی دەکا، ئەمنیش باش نیم. ئەگینا بۆ دوو هەنگاو ڕێگەبڕین چۆن ددانم بە جەرگمدا دەگرت و فلتە فلتە و بۆگەنی ئەو زارە پیسەتم قبووڵ دەکرد؟ خوا ئەو ژیانە بەزیاد نەکا. ئاخ ئاخ ئاخە.»

وەرگێڕ لەم وەرگێڕانەدا کەڵک لە زمانێکی نەرمونیان وەردەگرێ و خوێنەر تووشی ڕستەی ڕەق و قورس و دژوار نابێ و لێی ماندوو نابێ و چێژ لە خوێندنەوەکەی وەردەگرێت. هەژموونی زمانی دووەم باڵی بە سەر دەقەکەدا کێشاوە و بۆنوبەرامەی زمانی کوردی لە گێڕانەوەکەدا تێکەڵ بە هەست و بیرکردنەوەی خوێنەر دەکات و جار لەگەڵ جار زیاتر ئاوێتەی خوێندنەوەکەی دەبێت. وەرگێڕ بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان و ڕاوێژی وەرگێڕانەکەی لە هەموو بن زاراوەکانی زاراوەی موکریانی کەڵکی وەرگرتووە و هەموو تواناییەکانی ئەم زاراوە، لە دووتوێی ئەم سێ بەرگەدا دەنێتە بەر زەینی خوێنەر. ئەم وەرگێڕانە سەرچاوەیەکی زۆر دەوڵەمەندە بۆ ناسینی بنجوبناوانی ئەم زاراوەیەو خوێنەر لەگەڵ قەڵەمێک دەبێتە هاوسەفەر کە بە پانتایی زاراوەی موکریان مەزن و بەرین و دەوڵەمەندە. هەر کاتێکیش پێویستی بە وشەی دیکە هەبووبێت، لە زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردی یارمەتی وەرگرتووە. وشە و ڕستەکانی دەڵێی لە قەڵەمی کەسێکی وەک فەتاح ئەمیری یەوە دادەچۆڕێن و خوێنەر هەست دەکات، خەریکە ڕۆمانێکی ڕەسەنی کوردی دەخوێنێتەوە.

لەم وەرگێڕانەدا زۆربەی ئەو ئیدیۆم و قسە نەستەقانەی لە زمانی کوردیدا هەن لەزاری مرێمۆک و مام خەلیلەوە بە جوانی و لە جێی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگیراوە. دەتوانم بڵێم کەم ئیدیۆمی زاراوەی موکریانی هەیە کە لەو وەرگێڕانەدا کەڵکیان لێ وەرنەگیرابێ و ئەو کتێبە سەرچاوەیەکی گرینگە بۆ پاراستنی ئەو زێڕ و زیوەرانەی زمانی کوردی و دەبێ هەم بخوێندرێتەوە و هەمیش بە جوانی ئاگاداریان لێ بکرێت. هەندێک لەو ئیدیۆم و دەستەواژانەی وەرگێڕ لەم وەرگێڕانەدا کەڵکی لێ وەرگرتوون، بە هۆی گۆڕانی هەندێک دابونەریت بەداخەوە خەریکن دەچنە واری فەرامۆشییەوە و لەوانەیە ئەگەر کەسانێکی هاوتەمەنی وەرگێڕ دەست نەدەنە کاری لەم چەشنە وەرگێڕانانە، بە لە بیر چوونەوەی ئەو ئیدیۆمانە کەرەستەی پێویستی زمانیمان کەم بێتەوە و ئیتر نەتواندرێت لە داهاتوودا ئەو کارە کلاسیکانە وەربگێڕدرێنەوە سەر زمانی کوردی و

بەشێکی گرینگ لەو ئیدیۆمانەمان لە دەست بچێت.

دیارە کارێک بەو مەزنییە، بێ هەڵەش دەرناچێ و لە هەندێک شوێندا وەرگێڕ تووشی هەڵە و هەڵخلیسکان بووە. هەروەک (یاشار کەمال)یش تێیدا تووشی هەڵە بووە. بۆ وێنە لە لاپەڕەی ٢٨٢ی بەرگی دووەمدا نووسەر دەنووسێت:

«هێشتا تاو هەڵنەهاتبوو کە هەموو خەڵکی ئاوایی لە منداڵی حەوت ساڵانەوە تا پیری حەفتا ساڵان، لەبەر دەرگاکەی کوێخا کۆبوونەوەو تەنانەت مەمی دیکیش کە بە دەستی عومەر شڕ و شپرێو ببوو، لەوێ بوو.خۆی بە سەر پێوە پێنەدەگیرا خۆی بە دەستی دایکییەوە گرتبوو.»

بەڵام هەر بۆ ئەو باسە لە لاپەڕەی ٩ی بەرگی سێیەمدا دەنووسێت:

«ئەو تێهەڵدانەی عومەر پیاوە زەبەلاحەکەی سەفەر لەوی دابوو. دوای ئەوە سێ مانگ لەجێدا کەوتبوو، خوێن دەمیزت.»

دەبینین لە بەرگی دووەمدا کە دەبێتە ڕۆژێک دوای ڕووداوەکە مەمی دیک لەبەر دەرگای ماڵی کوێخا ئامادە دەبێ، بەڵام لە بەرگی سێیەمدا باسی ئەوە دەکرێ کە هەتا سێ مانگ لە جێدا دەکەوێت.

دیارە وەرگێڕیش نەیتوانیوە بێ هەڵە بێتە دەرێ و لە هەندێک شوێندا. تووشی هەڵە بووە. بۆ وێنە.

لە داوێنی لاپەڕەی ٣٣٢ی بەرگی دووەمدا، وەرگێڕ بۆ ڕوونکردنەوە نووسیویەتی: «کچی زەرد» بە تورکی واتە کچەزەردەکە. من نەمویست ناوەکەی وەرگێڕم و هەر تورکییەکەیم دانا.»

بەڵام بە پێچەوانەی ڕوونکردنەوەکە سەرلەبەری ناوەکەی - بێجگە لەجێگایەک - وەرگێڕاوە و بەجێی «سازی قیز» نووسیویەتی کچی زەرد. لە لاپەڕەی ٣٨٢ی بەرگی دووەم لە ڕستەیەکدا نووسیویەتی: «شەوێکیان تاشباشی سەرەوەمان ببوو بە کۆترێکی سپی و لە بە پەنجەرەکەی تاشباش هەڵنیشتبوو.» دیارە لێرەدا دەبوو بینووسیبایە: لەبەر پەنجەرەکەی ماڵی عادیل هەڵنیشتبوو.

لە لاپەڕەی ٤٠٣یشدا دەنووسێت: «ئەو ڕۆژەی تاشباشی مەزنمان ئارەزووی هەنگوینی کرد، لە چاو ترووکانێکا، سەیری کرد پوورەیەک هەنگوین لەبەر دەمی داندراوە.»، لێرەشدا بە جێی پوورەی هەنگوین، دەبوو نووسرابا: شانەی هەنگوین.

هەروەک لەسەرەوە باسم کرد، وەرگێڕ لە هێنانەوەی ئیدیۆم و دەستەواژەکاندا زۆر سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی دەقەکە بە جوانی بکوردێنێ، ئەوەش لەلایەنە باشەکانی هەر وەرگێڕانێکە، بەڵام لەم وەرگێڕانەدا لە دوو شوێندا وەرگێڕ دەرەقەتی ئیدیۆمە فارسییەکان نەهاتووە، یان هاوتای بۆ پەیدا نەبووە و دەقاودەق وەریگێڕاونەتەوە سەر زمانی کوردی، کە هیچیان نەیانتوانیوە مانا بپێکن و خوێنەر - بەتایبەت ئەگەر ئاگاداری لە ئەدەب و زمانی فارسیدا نەبێت - هیچیان لێ تێناگات.

وەرگێڕ، «دود ازکنده بلند میشود»ی کردۆتە، دووکەڵ لە کۆتەرەدارەکە هەڵدەستێ» و «بالاتر از سیاهی رنگی نیست»ی کردۆتە لە سەرووی ڕەشییەوە هیچ ڕەنگێک نییە.»، کە هیچیان لە جێی خۆیاندا نین.

بێجگە لەوانە لەم وەرگێڕانەدا شتێکی دیکەش کە زۆر جێگای داخە، ئەو هەڵە تایپییانەیە کە لە کتێبەکەدا هەیە و هەر جار نە جارێک وەک بەردێک دەکەوێتە بەر پێی خوێنەر و هەڵی دەنگێوێت. دیارە کارێک بەو قەوارەیە، حەتمەن دەبێ بێجگە لە وەرگێڕ، لە لایەن کەسێکی شارەزاوە هەڵەچنی بکرێت کە ئەویش بە داخەوە بۆی نەکراوە و هەموو ئەرکەکەی هەر لە سەر شانی وەرگێڕ بووە و ئەو خەسارەی لێ کەوتووە.

ڕەسووڵ سوڵتانی بەو کتێبانەی لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا - کە ژمارەیان خەریکە لە سی کتێب تێدەپەڕێت - وەریگێڕاونەتەوە، توانیویەتی خزمەتێکی گرینگ بە زمانی کوردی بکات و خۆشی بگەیەنێتە ئاستی وەرگێڕە باشەکانی زمانی کوردی و شوێنێکی زێڕین لە مێژووی وەرگێڕاندا بۆ خۆی مسۆگەر بکات. ئەوەی ئەم وەرگێڕانە بە وردی بخوێنێتەوە، دەزانێ کە وەرگێڕیش بە ئەندازەی کۆڵکێشانەکەی عەلییە درێژ بەو وەرگێڕانەوە ماندوو بووە و ئەگەر کارەکەشی هەڵەیەکی تێدابێ - کە زۆر کەمن- لە ماندووبوون بووە، نەک لەبەر نەزانین. لەم هاتوچوون و گەڕانەوە و سەرکەوتن و سەرەو خوار بوونەوە و هەڵگرتن و دانانەوانەدا، تووشی هەڵەبوون شتێکی نائاسایی نییە.

**سەرچاوە:**

**ڕۆمانی، ئەودیوی کوێستان**

**نووسەر: یاشار کەمال**

**وەرگێڕ: ڕەسووڵ سوڵتانی**

**لە بڵاوکراوەکانی: دەزگای موکریانی**

**ساڵی: ٢٠١١**